# حوكمی تەواف كردن لەناو حیجری ئیسماعیلەوە

## حكم الطواف داخل حجر إسماعيل

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوکمی تەواف کردن لەناو حیجری ئیسماعیلەوە

ئـەم پرسیارە  ئاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** هـەندێك لـە حاجیان و عومرەکاران دەبینین لـەکاتی تـەواف کردندا بـەنێو حیجری ئیسماعیلدا تێدەپەڕن، ئایا حوکمی تـەواف کردن لـەناو حیجری ئیسماعیلـەوە چیە ؟

**وەڵام :**  سوپاس وستایش بۆ خوای گـەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤایـەتـی محمدی پێغـەمبـەری ئیسلام و ئال وبـەیت و هاوەڵ وشوێنکـەوتوانـی هـەتا هـەتایـە .

یـەکێك لـەو هـەڵە باوانـەی کە حاجیان و عومرەکاران تا ئێستاشی لـەگـەڵدا بێت ئـەنجامی دەدەن، ئـەوەیـە بۆ ئـەوەی خێرا شـەوتـەکانی تـەواف تـەواو بکـەن، یان هـەر بـە نـەزانی لـەکاتی تـەواف کردندا هـەڵدەسن بـەناوی حیجری ئیسماعیلدا تێدەپـەڕن، ئـەمـەش یـەکێکە لـە هـەڵە گـەورەکان، چونکە لـەڕاستیدا ئـەو کـەسانـە تـەوافی هـەموو بـەیتیان نـەکردووە، بـەلکو تـەوافی هـەندێکیان کردووە، لـەبـەر ئـەوەی حیجری ئیسماعیل بـەشێکە لـە بـەیت، ئـەو کـەسانـەش تـەواف بـەناو حیجری ئیسماعیلدا دەکـەن تـەوافـەکـەیان دروست نیـە، و دەبێت دووبارەی بکـەنـەوە...

چونکە کاتـی خۆی و بـەپێی ئـەو بناغـە و ئـەساس و قواعیدەی کە باوکی پێغـەمبـەران دایناوە بۆ کـەعبـە و کـەعبـەی لـەسـەر بنیات ناوە حیجری ئێستای ئیسماعیل بـەشێك بووە لـە کـەعبـە، چونکە کاتـی خۆی و پێش هاتنـی ئیسلام، قوڕەیش وویستیان کە جارێکی تر بینای کـەعبـە نوێ بکـەنـەوە چونکە پێویستی بـە نـەفـەقـە و خـەرجی هـەبوو، ئـەوانیش بۆ ئـەم مـەسئـەلـەیـە بـەمـەرجیان گرت کە دەبێت لـە پاکترین ماڵـی خۆیان نـەفـەقـە و خـەرجی بیناکردنـەوەی کـەعبـە تـەواو بکـەن، ووتیان نابێت ئـەو خـەرجیـە پارەی داوێن پیسی و ڕیبا خۆری و پارەیـەکی تـێ بکـەن کە بـە زوڵم وستـەم کردن بـەدەست هات، بۆیـە خـەرجیـەکانی ئـەم نوژەن کردنـەوە کورتـی هێنا، بۆیـە کاتێك گـەیشتنـە ئـەو بـەشـەی کە (

حیجری ئیسماعیل ) ی تێدەکەوێت پارە و خەرجیان بەدەستەوە نەما، لەبەر ئەوە ووتیان واز لە نۆژەن کرنەوەی ئەو بەشەی دەهێنین تا کاتێکی تر، ئیتر ڕۆژگار تێپەڕی و هەر بەو شێوەیە مایەوە، تا هاتنی ئیسلام و ڕەوانە کردنی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و ڕزگار کردنی شاری مەککە، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) زۆر پێی خۆش بوو کە جارێکی تر کەعبە بگەڕێنێتەوە بۆ بناغە ئەصڵیەکەی خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی تازە هاتبونە نێو ئیسلامەوە پێغەمبەری خوا ترسی لەوە هەبوو کە خەڵکی ئەو کارەیان پێ قبوڵ نەبێت بۆیە وازی لێهێنا لەبەر بەرژەوەندیەکی گەورەی تر، کە دروست نەکردنی ناکۆکی و تەفرەقە بوو لەنێو ڕیزی موسڵمانانندا، هەروەك بوخاری ڕیوایەتی کردووە : عائشة ( رضي الله عنها ) أن النبي صلى الله عليه وسلم قال لها:{ يا عائشة، لولا أن قومك حديثُ عهد بجاهلية لأمرت بالبيت فهدم، فأدخلت فيه ما أخرج منه، وألزقته بالأرض، وجعلت له بابين، بابًا شرقيًا وبابًا غربيًا، فبلغت به أساس إبراهيم} [ رواه البخاري ] .

واتا : عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بیت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرمووە : ئەی عائیشە ئەگەر قەوم و هۆزەکەت تازە بە تازە وازیان لە نەفامی نەهێنابا، فەرمانم دەکرد کەعبە بڕوخێنن، و ئەوەی کە کاتی خۆی بەشێك بووە لێی – مەبەست پێی حیجری ئیسماعیلە - دەمخستەوە سەر بینای کەعبە، و دەمنوساندەوە بە زەویەوە، و دوو دەرگام تێدەکرد، دەرگایەك لەڕۆژهەڵاتەوە و دەرگایەکیش لە ڕۆژئاواوە، بەوەش دەگەڕایەوە سەر ئەساسەکەی ئیبراهیم ..

بەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە حیجری ئیسماعیل بەشێکە لەناو بەیت، نەك هەر هێندە بەڵکو لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە، : عن عائشة رضي الله عنها قالت : كنت أحب أن أدخل البيت فأصلي فيه ، فأخذ رسول الله صلى الله عليه و سلم بيدي فأدخلني الْحِجْر ، فقال : {صلي في الحجر إن أردت دخول البيت ، فإنما هو قطعة من البيت ، ولكن قومك استقصروه حين بنوا الكعبة فأَخْرَجُوه من البيت} . [ رواه الإمام أحمد وأبو داود والترمذي والنسائي . وصححه الألباني والأرناؤوط ].

واتا : عائیشەی دایکی بڕواداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : حەزم دەکرد کە بچمە ناو بەیتەوە و نوێژی تیدا بکەم، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەستی گرتم وخستمیە ناو

حیجری ئیسماعیلەوە، و فەرمووی : لە حیجردا نوێژ بکە ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو بەیتەوە، چونکە حیجر بەشێکە لە بەیت، بەڵام قەوم و هۆزەکەت کاتێك کەعبەیان نۆژەن کردەوە نەفەقە و خەرجیان پێ نەما و لە بەیت خستیانە دەرەوە ..

خوای گەورەش زاناترە ..

IslamHouse.com